## ئەو نوسینانەی بێتاقەتیان کردین. . ئەو عەقڵانەی نەهاڵن بنوسین!!! ... هێمن عومەر



ماوەیەکە زۆر شت پەلکێشی نوسینم ئەکات بەڵام هەرچەند دەکەم توانام نیە بنوسم هۆکاری ئەونەنوسینەش ئەوە دووەم جارە ڕوو بەڕووم دەبێتەوە یەکەمیان کاتێك بابەتم بۆ ڕۆژنامە نێو خۆییەکان دەنوسی لەسەر ڕۆژنامەکان تەنها ئەو بابەتانەم دەبینیەوە کە بابەتی کۆمەڵایەتین و باس لە پاشەڵی پیسی دەسەلات ناکەن کە لەچ مەهزەلەیەکی گەندەڵی و بێتواناییدایە بۆیە ماوەیەك تەواو لە نوسین چومەوە هەروەك و ئەوەی کە مریشك لە هێلکە دەچێتەوە بێزار بوو بووم هەموو ئەو گەندەڵی و فەسادیانەی کە خەریك بوو ناخیان وێران دەکردم لەنێو خۆمدا باسم دەکردوو جارجارێك سەری ماڵ و برادەرێکم پی ئەهێشاند.
ئەوەبوو بڕیاری ئەوەم دا کە بەهیچ بابەتێك لە دەرگای ڕۆژنامە نێو خۆییەکان نەدەم کە دەمزانی عەقلێیان زۆربەی بابەتەکانم قبوڵ ناکات ئەوەشی قبوڵی دەکات ئەوەیە کە هیچ مەترسیەك ناخاتە سەر دەسەلات هەندێك جاریش دەمووت دەبێت بزانم من شت بنوسم کێ دەڵێت بابەتەکانی من شایەنی ئەوەن بلاو بکرێنەوە بەڵام کاتێك ئەو بابەتانەم دەبینی کە کاکی دەستەی نوسەرانی ڕۆژنامەکان کە هەر بۆ موکافەئە بلاو کرابونەوە تەواو تێدەگەیشتم بلاو کردنەوەی بابەتەکانم هۆکاری چین!!!
بەڵام هەر دەست بەرداری نوسین نەبووم کە ماوەیەکی زۆر بوو جارجارێك سەردانی سەنتەرەکانم دەکردوو چاوم بەبابەتەکانی کوردستان نێتدا دەگێرا ئەوەبوو بڕیاری ئەوەمدا بابەتەکان بۆ کوردستان نێت بنێرم و بنوسم کە تاوەك و ئێستا لەکوێ هەموو بابەتەکانم تاکە وشەیەکم لێنەقرتاوەو دەست خۆشی ئەو سەربەخۆ بونە لە کاکە عومەر فارس دەکەم بەڵام ئەوەی ئەمجارەش بێزاری نوسینی کردم ئەوە ئەوبابەتە شەڕە جنێوو وەڵامە بێمانایانەیە کە ناتوانێت بە فکری کەسەکە بوێرێت ئیتر پەنا دەباتە بەر ناشرین کردن و جنێودان بە کەسەکە کە هێندەی ئەو بابەتانە دەنێردرێت و بەر چاودەکەوێت بە ملیمی ئەوانە بابەتێکی بەهەڵوێست و نوسینێکی بوێرانەت دەست ناکەوێت ئنجا نازانری ئەوانەی کە دەنوسن هیچیان بەدەستەوە نیە یان هەر بۆئەوەیانە چاویان بە ناوی خۆیان بکەوێت یان ئەوەتا خەڵکی دیکە ناشرین بکەن.